کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-5-2007 15:51

# کوردەکانی عێراق داوای یارماتی یەکێتی ئەوروپا دەکەن [سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە باکوری عێراق مەسعوود بارزانی زۆر نائومێد بوو سەبارەت بە داواکاری یەکێتی ئەوروپا EU کە ڕیفرۆندام لە سەر شاری کەرکوک وەک پایتەختی دوارۆژی هەرێم دوابخرێ] ... وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە: ئازاد محمدامین سەلیم

a_khoshnow@yahoo. de [ئەلمانیا ـ هانۆفەر]

ئەم ڕاپۆرتە لە سایتی Frankfurter Rundschau کە ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەڵمانیایە لە لایەن ڕۆژنامە نووسان Sirwan Hadsch-Hossein [Sirwan Heci Berco] وە Edgar Auth لە ڕۆژی 16. 05. 2007 بڵاوکراوەتەوە وە بە ڕەزامەندی ئەوان لێرە لەبەر گرنگی بابەتەکە بڵاوی دەکەمەوە. دەقی ووتارەکە

http://www. fr-online. de/in_und_ausland/politik/aktuell/?em_cnt=1136596

---

بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە باکوری عێراق نادڵنیایی خۆی پیشان دا سەبارەت بە پشتیوانی نەکردنی یەکێتی ئەوروپا EU بۆ ئەم هەرێمە. لە میانەی سەردانێکی بارزانی بۆ پەرلەمانی ئەوروپا لە ستراسبۆرگ ووتی کە ئەو دەیەوێت تێڕوانینی کوردەکان بۆ باروودۆخی عێراق بە ئەورووپیەکان ڕابگەیەنێ. "ئێمە مۆدێلێکی دیموکراتیمان پیادە کردووە کە شایەستەی پشتیوانی کردنە. بەڵام بە داخەوە لە کاردانەوەی هەندێ وڵاتانی EU ڕازی نین"، ئەم ووتانەی لە ئاخاوتنێکدا بۆ Frankfurter Rundschau ڕاگەیاند. لە گەڵ ئەمەشدا کوردەکان ئومێدەکی گەورەیان هەیە کە لە ماوەیەکی بەرچاودا ئەم پشتیوانیە بە دەست بێنین. "کوردستان پێویستیەکی زۆری بە یارمەتی هەیە بۆ ئاوادانکردنەوەی بە تایبەتی لە لایەن ئەڵمانیا وەک دەستەی سەرۆکایەتی ئێستای EU زیاتر ئومێدمان پێیانە کە پشتیوانیمان بکەن".

زۆر لە ئەندامانی EU هیوای ئەوە دەخوازن کە ڕیفرۆندامی کەرکوک دوابخرێ وە ئەمەش وای لە بارزانی کرد کە بێزاری بەرامبەر ئەم هەڵوێستە پیشان بدات.

بە گوێرەی ماددەی 140 لە دەستووری ئێستای عێراقدا دەبێت ڕیفرۆندام تا کۆتایی 2007 ئەنجام بدرێت، وە لەم ریفرۆندامەدا خەڵکی ئەم شارە بڕیاری ئەوە دەدەن کە بچنە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق. کوردەکان دەیانەوێت کەرکوک بکەن بە پایتەخی ئەم هەرێمە. بەڵام بەشێکی زۆری کەمایەتیەکان لە تورکمان و عەرەب دژی ئەم بۆچوونەن، عەرەبەکان لە لایەن دیکتاتۆری پێشووی عێراق (سەددام حوسێن) بۆ ئەم ناوچەیە هێنراون وە نیشتەجێ کراون کە پڕ لە نەوتە وە بەشێکی هەرێمی کوردستانە، مەبەستیش لەم گۆڕانکاریە ئەوە بوو کە کورد وەک زۆرینە لەم ناوچەیە بگۆڕێ وە مافیان لە سامانی ژێر زەوی زەوت بکات. ئێستاش حوکومەتی عێراق دەیەوێت ئەم گۆڕینە وەک خۆی لێبکاتەوە بەوەی کە پارە بدات بەو خێزانە عەرەبانەی کە ئامادەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

یەکێتی ئەوروپا EU لە تێکهەڵکشانی بارو دۆخەکە دەترسێت ئەگەر هاتوو ڕیفراندۆمەکە بە قازانجی کوردەکان بڕیاری لە سەر بدرێت. ئەورووپایەکان بەلایەنەوە چاکە کە یەکێتی خاکی عێراق بپارێزرێ، هەر بۆیەش نایانەوێ پشتیوانی لە هەرێمەکان بە جیا بکەن.

بارزانی زیاتر لەم هەڵوێستەی ئەورووپیەکان بێزاری پیشاندا کە ئەوان ئامادەن گوێ لە کەمەیاتی بچووک لە عەرەب و تورکمانی ئەم شارە بگرن کەچی ئامادە نین گوێ لە 6 میلیۆن کورد بگرن. لە لایەکی تردا بارزانی دەڵێت کە ڕازی نەبوونی گرووپە عەرەبیەکان لە بەر ئەوەیە کە ئەوان سوودمەندبوون لە ڕژێمی سەددامی دیکتاتۆر وە شتێکی ئاسایە کە ئەم بارودۆخەی ئێستا بە دڵی ئەوان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەبێت، لە لایەکی تردا بارزانی تورکمانەکانی بە "براکانمان" وەسف کرد وە بەرەنگاری "بەرەی تورکمانی" لە لایەن هەندێ لایەنی تورکیاوە ڕێنمایی دەکرێت وە ئەمەش باری کوردەکان ئاڵۆزتر داکات.
بارزانی دەخوازێ کە ئەوروپییەکان سەرمایەیان زیاتر لە کوردستانی عێراق بخەنە گەڕ، وە سەرسوڕمانە بە ئامادەنەبوونی ئەوروپییەکان بۆ ئاوەدانکردناوای شارۆچکەی هەڵەبجە کە لە لایەن هێزەکانی سەددامەوە بە گازی ژەهراوی بۆمبباران کرا.
سەبارەت بە هەڕەشەکانی تورکیا کە لەشکرکێشی بۆ باکوری عێراق بکەن بۆ ئەوەی یاخیبووانی ڕێکخراوی PKK لە ناو بەرن، بارزانی ووتی: ئەم کێشەیە وا باشە کە بە سیاسەت چارەسەر بکرێ "بە داخەوە من وای لێکدەدەمەوە کە تورکیا بابەتی PKK وەک بیانووەک بەکار دەهێنێ بۆ پەلامار دانی ئێمە". لە گەڵ ئەمەشدا دەبێت تورکیا لە گەڵ کوردەکانی خۆیدا ئەم گرفتە چارەسەر بکات. "ئێمە هەڕەشە ناکەین بەلام قەبوولیشمان نیە بە هیچ شێوەیەک هەڕەشە بکرێین وە هەڵوێستیشمان بەرامبەری دەبێت". لە چیا بەرزەکانی باکووری عێراق مەزەندەی بوونی 5000 یاخی بووی PKK کوردی تورکیا دەکرێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.